# وەزارتی رۆشەنبیری ئەرکی خۆی بیر چووە

**رزگار كۆچەر**
rzgarkochar@hotmail.com

**لە هەر پێنج کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی رۆشەنبیری تا ئێستا وەك پێویست نەی توانیوە رۆژنامەنوسان و چاودێرانی بواری رۆشەنبیری بگەێنێتە ئەو رایەی کە کارو چالاکیەکانی وەزارەتەکەیان لە خزمەتی پزافی رۆشەنبیری کوردی دابووە , وەلێ ئەگەر بێت باس لە گەندەڵیەکانی ئەم وزەزارەتە بکەین کە لە هەندێ لە لاپەرەکانی رۆژنامەکان بڵاو کراوەتەوە ئەو بۆمان دەر دەکەوێت وەزارەتی رۆشەنبیری ئێستا بەتەنها کەوتۆتە قوژبنێکی بچوك و لە بەرامبەریشیدا رۆژنامەنوسان لە گۆرەپانێکی فرەوانی هەمەلایەنە وشەی قەڵم وکیبۆردەکانیان ئاراستەی خودی جەنابی وەزیرو وەزارەت کردووە کە بەداخەوە زۆرجار هەندێك لە رۆژنامەنوسان رەچاوی ئەو خەڵانەیان نەکردووە کە ئیفلیج بوونی وەزارەتی رۆشەنبیری شتێکی تازە نیە بەڵکوو لەیەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم وەزارەتە نەی توانی تاکی کورد  بە کارو چالاکیەکانی قەناعەت پێ بکا   !!  وەك ئاشکرایە ئیفلیج بوونی هەر دام و دازگایەکی حکومەت پابەندە بەکارو چالاکیەکانی ئەم دەزگایە نەخاسمە ئەگەر پەتای گەندەلیش روو لەم دەزگایانە بکات ئەوە ئیفلیج بوونی یەکجارەکی مژدەی ئومید بەخشە بۆ چاك نەبوون , زۆرجار هەندی لە ناوەندە رۆژنامەنوسیەکانی خۆمان باسیان لە دیاردە دزێوەکانی ناو ئەم وەزارەتە کردوە نموونەی کرینی چاپ خانەیەك , کرینی کامیرا , بودجەی فیلم , کۆنفراس و سیمینار, فیستیڤال , کۆنسێرتکردن بۆ هونەرمەندان .....زۆرترین ئەو بابەتانە بوون کە زۆرلە ئێمە خۆمان پێوە خەریك کرد و نەمان توانی چارەسەریەك بۆ هەموو ئەو کەم کوریانە دابنێین کە بوون بە هۆکاری سەرهەڵدانی پەتایەك کە پێی دەگوترێت گەندەڵی , گەندەلەکانی ناو وەزارەتی رۆشەنبیری زۆر بەداخەوە وەك فۆرتی ئەمەریکی هەندێك لەوانەی بە زۆر ماسکی رۆشەنبیربوونیان پێ بەخشرا پێی بوون بەلۆرت و هەندێکی تریش لەبەریان کرد شۆرت و هاتنەوە سەر سفر کە بەرای من ئەوان لە ئاستی ئەوە بوون لە وەزارت خزمەتبکەن و راوێژو پرسیان پێ بکرێت بەڵام دیسان بەداخەوە دیارە ئێستا لەم زەمەنە پیاوی چاك و رۆشەنبیر جێگای نابیتەوە .**

**دەبوو کیبۆرد ژێردەستەکان و قەلەم لە دەستانی خۆمان هەندێك بە ویژدانانە ئاماژەیان بە رۆڵی ئەو کەسانە کردبا کە بە ئاگری پیاوە گەندەلیەکانی ناو وەزارتی رۆشەنبیری سوتان و باجەکەیاندا , چونکە دەست نیشان کردنی خاڵە سلبیەکان و خالە ئیجابیەکان هەوڵ دانێکە بۆ پێداچونەوە بۆ چارەسەر کردن و نەهێشتنی گەندەڵیەکان دەنا ئەو رۆژنامەنوسانەی لەسەر وەزارەتی رۆشەنبیری دەنوسن زۆربەیان هاولاتی دڵسۆزی کوردستان و پیاوی هیچ دەزگایەکی سیخوری نین و بۆ هیچ لایەکیش کاری سخوری ناکەن رەخنەکانیشیان لە پێناو چاکسازی و بنبرکردنی دیاردەی گەندەڵیە , وەزارتی رۆشەنبیری کوردستان زۆر بەداخەوە دەبوو کاری وەزارتەکانی پەروردە و تەندروستی و کۆمەلایەتی لە ئەستۆی بێت بۆ دروست کردنی نەوەیەکی تەندروست و رۆشەنبیرو بێ کیشە چونکە تا ئێستاش ئاستی رۆشەنبیری گەلەکەمان وەك پێویست نیە دەبێت لە رێگای پلانێکی درێژخایەنی حکومەت نەوەیەك لە بیرو هەست و وتەی چاك بونیاد بنێت تا گەلی ئێمەش مۆدرێنانە لەگەل هەموو گۆرانە خێراکانی جیهان هەنگاو بهاوێت و پاش نەکەوێت , زۆر بەداخەوە تا ئێستا وەزارەتی رۆشەنبیری بەم کارە هەڵنەستاوە تا جێگای ئاماژە پێ کردن بێت بەڵکو ئەوندەی خەریکی دانان و تەقاعود کردن ودوبارە تەعین کردنەوەی راوێژکارو خەبیر و مەبیر کۆنسێرت کردن و فیلمی نامەعقولی سینەمایە ئەوەی بیر چووە کە گەلەکەمان هێشتا لەسەرەتاکانی شۆرشێکە کە شۆرسواری زۆری دەوێت لەهەموو باورەکان بەتایبەتی بواری رۆشەنبیری ....**